# کەسێتی و دنیابینیی حەللاج
# لە شیعری کلاسیکی کوردیدا



سەبور عەبدولکەریم (شکار)

گەلی کورد وەك سەرجەم گەلانی ئیسلامی، کاریگەر بووە بە ئاینی ئیسلام، بە هەر سێ ئاستە سەرەکییەکەی (شەریعەت، تەریقەت، حەقیقەت) بەتایبەتی دوو ئاستی شەریعەت و تەریقەت و پێدەچێ لە بواری کولتووری ئەدەبیاتدا زیاتر سەرەتای نزیك بێت لەگەڵ کاریگەربوون بە تەریقەت زیاتر لە شەریعەت، چونکە گەر بابا تایەری هەمەدانی وەکو زۆرینەی توێژەران و لێکۆڵەرانی کورد ڕایان وایە بە سەرەتای دیارو کاریگەری ئەدەبیاتی کوردی دابنرێت، ئەوا مێژووی ئەدەبی کوردی بە پێچەوانەی گەلێکی وەك عەرەبەوە، تەنها هاوکات نییە لەگەڵ سەردەمی ئیسلامیدا، بەڵکو هاوکاتە لەگەڵ ڕەنگدانەوەی کولتووری سۆفیگەری لە ئەدەبیاتدا[1]، لەم ڕووەشەوە زیاتر لە ئەدەبیاتی فارسی دەچێت، کە ڕەنگدانەوەی ئایینی ئیسلام نزیك و هاوکاتە لەگەڵ ڕەنگدانەوەی کاریگەریی سۆفیگەری و عرفان زیاتر لە شەریعەت[2]، بەڵام وادەزانین ئەدەبی کوردی وەك ئەدەبی عەرەبی نییە، کە ڕەنگدانەوەی شەریعەت زۆر زیاترە لە ڕەنگدانەوەی سۆفیگەری[3]، هاوکات وەك ئەدەبی فارسیش نییە، کە ڕەنگدانەوەی سۆفیگەری و عرفان زیاترە لە ڕەنگدانەوەی

---

(1) ئەدەبی عەرەبی وەك زۆرینەی توێژەران و لێکۆڵەرانی عەرەب پۆلێنیان کردووە، لە دوای ئیسلامەوە پۆلێن دەبێت بە ئەدەبی سەرەتای ئیسلام و ئەدەبی سەردەمی راشیدین و سەردەمی ئەمەوی و عەباسی و تادوایی.....، کە ئەدەبی سۆفیگەری زیاتر لە سەردەمی عەباسیدا پەیدا دەبێت.

(2) ئاینی ئیسلام لە ئەدەبیاتی فارسیدا لە سەدەی چوارەمی کۆچی بە چوارینەکانی ئەبو سەعید ئەبولخەیر، کە سۆفی و عارفێکی گەورەیە، ڕەنگی داوەتەوەو دواتر بەدوای یەکدیدا لای شاعیرە گەورەکان (سەنائی، عەتار، مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی، و ... هتد) ڕەنگی داوەتەوە، کە زیاتر ئەمانە سۆفی و عارف بوون و ئەمە باسێکی سەربەخۆیە.

(3) لە سەراپای مێژووی ئەدەبی عەرەبیدا زیاتر (ابن فارض) بە شاعیری سۆفی ناسراوە، ئەگەرچی هەندێك لە سۆفییەکان هەر لە پێش حەللاج و دوای حەللاجەوە تا دەگاتە ئیبن عەرەبی و دواتر ئیبن سەبعین شیعری سۆفیگەری‌و عیرفانیان هەیە، بەڵام ئەمانە زیاتر سۆفی و عارفن تا شاعیر.

شەریعەت، بەڵکو لە ئەدەبی کوردی دا ڕەنگدانەوەی شەریعەت و سۆفیگەری زۆرجار بە ئاوێتەیی دەبینرێت، گەرچی زۆرجار شەریعەت زیاترو زاڵتر دەبینرێ، بەڵام بەگشتی ڕەنگدانەوەی عرفان کەمتر دەبینرێ[4].

بەهەرحاڵ حەللاج لە ئەدەبی کوردیدا وەك زۆرینەی ئەدەبیاتی میللەتانی تری ئیسلامی ئامادەیی هەیە، چ وەك کەسێتی، چ وەك دنیابینی، کە ئەمەیان کەمترە، ئەمەش زیاتر لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا دەبینرێت، هەروەها لە ئەدەبی نوێ و هاوچەرخی کوردیدا حەللاج کەم تا زۆر ئامادەیی هەیە، لێرەدا کاری ئێمە لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدایەو لەنێو ئەو ئەدەبەشدا زیاتر ئەو شاعیرانەمان هەڵبژاردووە، کە پتر بە سۆفی و عارف یان لانی کەم بە شوێنکەوتووی تەریقەت ناسراون، ئەمەش لە ئەدەبیاتی کرمانجی ژوور و کرمانجی خواروو (سلێمانی، هەورامی) و بە ڕەچاوکردنی ئەوەی ئەو شاعیرانەش لە سەردەمدا پێش مەحوی کەوتوون.

## بابا تایەر و حەللاج

بێگومان بابا تایەری هەمەدانی پێش ئەوەی شاعیرێکی سۆفیگەر بێت، عارفێکی گەورەیەو لە سەردەمی خۆیدا و لە ئێستاشدا پلەیەکی گەورەی لای ئایندارن هەیەو بۆ زانینی ئەوەش تەنها باسکردنی ئەم ڕووداوە پایەی بابا تایەرمان بۆ دەردەخات. کاتێك سوپای تورکەکانی عوسمانلی بە سەرکردایەتیی (توغرەڵ بەگ) هەمەدان داگیردەکات و دەچێتە ناو شارەوە، (توغرەڵ بەگ) وەك سیاسییەك کە هەست بە پایەبڵندیی شاعیر و عارفی گەورەی کورد (بابا تایەری هەمەدانی) دەکات سەردانی دەکات، هەر لەگەڵ بینین و نزیککەوتنەوەی (توغرەڵ بەگ) بابا تایەر بێ هیچ سڵکردنەوەو ڕەچاوکردنی ناوبانگ و پلەو پایەیەکی ناوبراو، پێی دەڵێت: ئەی تورك ئەتەوێ چی لەگەڵ ئەم خەڵکی خوایەدا بکەیت؟ ئەویش -کە دیارە بە پێوەرە باوەکان چاوەڕێی ئەوەی نەکردووە- دەشڵەژێت و دەڵێت: هەرچی تۆ بیڵێیت. بابا تایەریش دەڵێت: دەی من ئەوە دەڵێم کە خوا دەفەرموێ: [ان الله يأمر بالعدل والاحسان و إيتاء ذي القربى وينهى عن الفحشاء والمنكر والبغي لعلكم تهتدون] واتە: خوا فەرمانتان پێدەکات بە دادپەروەری و چاکە و دانی مافی خزمان و قەدەغەتان دەکات لە خراپە و ستەم تا هیدایەتدراو بن[5].

کەواتە بابا تایەرێکی عارف و حەقخواز، کە تەنها حەق (خوا) بناسێ و سڵ لە وتنی حەق نەکاتەوە ئاساییە، کە بە ڕۆح ئاشنای سیمای حەللاج بێت.

بابە تایەر لە چوارینەیەکدا دەڵێت:

**اگر دل دلبری دلبر کدامی — وگر دلبر دلی دلرا چەنامی**
**دل و دلبر بەهم آمیتە وینم — ندانم دل کی و دلبر کدامی** [6]

وا دەزانین، ئەم شیعرەی بابە تایەر، لە ئاستی دنیابینیدا هەمان ئەم شیعرەی حەللاجە:

---

(4) نموونەی بەشێك لە شیعرەکانی وەك مەلای جزیری و مەحوی و چەند ئەزموونێکی دەگمەنی نێو شیعرە فارسییەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندیی لێ دەرچێت، عیرفان زۆر بەکەمی لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی دا دەبینرێت.

(5) صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە)، دوو بەیتییەکانی بابا تایەری هەمەدانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی فروهر، 1361، لا14.

(6) صدیق بۆرەکەیی بەم شێوەیە ئەم شیعرەی بابا تایەری لە زاری لوڕییەوە وەرگێڕاوەتە سەر شێوە زاری سلێمانی:

**گەر دڵ دڵبەرە، دڵبەر بۆ رامە**
**گەر دڵبەر دڵە، ئەی دڵ بۆ زامە**
**دڵ و دڵبەرم تێکەڵاو بووە**
**نازانم دڵ و دڵبەرم کامەیە**

وا دەزانین مامۆستا بۆرەکەیی لە پێناوی ئەوەدا شیعرەکانی بابا تایەر بە شیعر دابڕێژێتەوە، زۆرجار لەپێناوی دروستکردنی فۆرمێکی گونجاودا ناوەڕۆکەکەی پشتگوێ خستووە، ئەمەش لە وەرگێڕانی ئەم بەیتەدا دیارەو واتا ڕاستەکەی وادەزانین ئەمەیە:

**ئەگەر دڵ دڵبەرە، دڵبەر کێیت**
**ئەگەر دڵبەر دڵی، ئەی دڵ چ ناوێکی هەیە**
**دڵ و دڵبەر پێکەوە بە ئاوێتە دەبینم**
**نازانم دڵ کێیەو دڵبەر کامیانە**

بەمجۆرە دەبینین وشەی (زامە) کە مامۆستا بۆرەکەیی لە نیوە دێڕی دووەمدا هێناویەتی، نەك لە شیعرەکەی بابا تایەردا نییە، بەڵکو واتاکەشی شێواندووە.



حەللاج

**خوداوەندم بە چاوی دڵ بینی**
**پێمگوت تۆ کێی، وتی، تۆ**
**بۆ تۆ (شوێنێك) (شوێن) نییە**
**ئەوەی (تۆ)ی لێیە (شوێن) نامێنێ**
**لە مانەوەمداو نەمانەوەمدا**
**لە فەنابوونما (تۆ)م دۆزیەوە**
**لە نەمانی (ناوم)و وێنەی جەستەمدا**
**پرسیارم لە بارەی خۆمەوە کرد وتم: تۆ** (7)

لەلایەکی ترەوە، لە چاپێکی تری دیوانی بابا تایەردا(8) و لە شوێنێکدا ئاماژە بەناوی حەللاج -واتە کەسێتیی حەللاج- کراوە.

**من أن رندم که گیرم از شهان باج**
**بپوشم جوشن و برسر نهم تاج**
**فروئاید سرمردان به نامرد**
**أگر دارم کشند مانند حلاج** (9)

## مەلای جزیری و حەللاج

شێخ ئەحمەدی جزیری ئەو شەوچرا تیشکدەرەی، کە خودا لە رۆژگارێکدا بۆ گەلی کوردی ناردووە، لە سێ لاوە تیشکی داوەو تاریکیی لەسەر رەواندوین، یەکەمینیان، خوداناسینی بەراستی کە ناومان لێناوە عرفان. دووەمینیان شیعری تەری دڵدارانە، واتا غەزەل. بەشی سێیەم: دەکارهێنانی زمانی خوداپێداوی خۆیەتی، کە کوردییەو زمانەکەی بە شیعری ناسك و دڵگیر بۆ هەڵگرتین(10).

ئەگەر وەك پێشتر گوتمان، ئەدەبیاتی کوردی زۆر بە کەمی شیعری عرفانی نەك سۆفیگەریی هەبێت، ئەوا دەزانین مەلای جزیری نەك هەر لەو شاعیرە دەگمەنانەیە، کە شیعری عرفانی وتووە، بەڵکو وا دەزانین تاکە شاعیری عرفانی کوردە، کە ئەدەبیاتی کوردی بەبێ جزیری کەلێنێکی یەکجار گەورەی وای تێدا دروست دەبێت، کە لەو بوارەدا بە کەسی دیکە پڕ ناکرێتەوە.

لێرەوە گەر جزیری شاعیرێکی عرفانیی گەورە بێت، ئەوا بێگومان کەسێتی و بیری عارفانی گەورە لەوانە حەللاج دەبێت لە شیعریدا رەنگدانەوەی هەبێت.

بیری یەکێتی (اتحاد)، کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی عرفانی جیهانی عرفان، کە لە عرفانی ئیسلامیدا حەللاج و بایەزید بە سەرەتاو دامەزرێنەری دادەنرێن، ئەوە لای جزیری هەیە، بەتایبەتی وەك ئەوەی لای حەللاج هەیە، جزیری دەڵێت:

**عاشق ئەوە دلبەر ئەوە**
**ظاهر ئەوە مە ظهە ر ئەوە**

---

(7)

| | |
|---|---|
| **رأیت ربی بعین قلبی** | **فقلتُ: من أنت؟ قال: أنت** |
| **فلیس للأین منك أین** | **ولیس این حیث أنت** |
| **ففی بقائی ولا بقائی** | **وفی فنائی وجدت أنت** |
| **فی محواسمی ورسم جسمی** | **سألت عنی فقلتُ أنت** (دیوان الحلاج، 32) |

(8) رباعیات باباطاهر عریان، بامقدمە مهدی الهی قمشه 1 ی، چاپ سوم، انتشارات سعدی، 1370، ل121

(9) من ئەو رەندەم- رەند بە کەسێکی یاخی و دەرچوو لە یاساو نەریتە باوەکان دەوترێ، کە لە پادشایان باج وەردەگرم و جلوبەرگی ئاسنیی جەنگی لەبەرکەم و تاج بخەمە سەر سەرم، سەر شۆڕ نابێت سەری مەردان بۆ نامەردان، ئەگەر وەك حەلاج لەسێدارەشم بدەن.

(10) دیوانی مەلای جزیری، ئامادەکردن و لێکدانەوەی هەژار، چاپی یەکەم، انتشارات سروش، تاران، 1361، ل11.



خانی

**رووح و بەدەن گەوهەر ئەوە**
**دهەر شاهدەك دوڕدانەدا** [11]

ئەمەش هەمان دنیابینیی (یەکێتی) حەللاجە، کە عاشق و مەعشوق بەیەك دادەنێت و دەڵێت:

**ڕۆحت ئاوێتەکرد لەگەڵ ڕۆحمدا**
**وەك مەی کە ئاوێتەی ئاوی سازگار دەکرێت**
**ئەگەر شتێك لە تۆ ڕوویدات لە منیش ڕوودەدات**
**(تۆ) لە هەموو بارێکدا هەر (منی)** [12]

هەروەها دنیابینیی حەللاج لە شیعری جزیریدا زۆر بەڕوونی دەبینرێت، بەتایبەتی ئەو دنیابینیانەی کە لە قوڵایی دنیابینیی حەللاجەوە هەڵقوڵاون، یەکێك لەو بیرانەش تێڕوانینی حەللاج بۆ ئەوەی خاڵ (خوا) سەنتەری بازنەی بوونەو هەموو پیتەکانی تری بوون، لە جەوهەردا بریتین لە یەکگرتنی چەند خاڵێك[13]، مەلای جزیریش دەڵێت:

**نوسخەئی عالەم هەمی عنوانە کە**
**نوقطەیەك نابت دعنوانی غەلەط** [14]

حەللاج لای جزیری نەك تەنها وەك کەسێتی و دنیابینی ئامادەیی هەیە، بەڵکو حەللاج لای جزیری دڵەو (مەنصورە دل):

**هۆستایی عیشقێ دل هەخۆت سەرتا قەدەم هنگی دصوت**
**ڕەمزا (أنا الحق) هەر دگۆت باوەڕ بکن مەنصورە دل** [15]

دواجار هێندەی سۆراخێکی دیوانی ئەو شاعیرانەی کوردمان کردووە، کە بە ئەهلی تەریقەت ناسراون، لەوێوە وادەزانین لای کەسیان هێندەی مەلای جزیری ڕەنگدانەوەی دنیابینیی حەللاج زیاتر لە کەسێتیی حەللاج نابینرێت.

## خانی و حەللاج

خاوەنی (مەم و زین)یش، کە خۆی هێندەی (مەم) عاشق و ئەویندارەو چێژی عیشقی حەقیقیی کردووە، شەپۆلەکانی دەریای بێپایانی سۆفیگەری و عرفان خۆیان بەسەریدا داوە، ئەویش ناتوانێ (مەنصور)ەکەی عیشق و دنیابینیی عاشقانەی مەنصور لەبیر بکات.

خانی پێش چوونە نێو باسی داستانی مەم و زین، زۆرێك لە دنیابینییە سۆفیگەری و عرفانییەکانی زیاتر لە ڕێگەی دیالۆگ لەگەڵ خوادا خستۆتە ڕوو و لەوێدا لە چەندین شوێندا دنیابینیی حەللاج -نەك ناوی و کەسێتی- بە قوڵی دەبینرێت و بەگشتی وادەزانین ئەم سەرەتای مەم و زینە یەکێکە لە شیعرە عرفانییە بەرزەکانی خانی، کە دەکرێ پێی

---

(11) محمد امین دوسکی، فلسفە العشق الالهی فی شعر الجزیری، مراجعە وتقدیم د.محمد بکر، مطبعە هاوار، دهوك، 2000، ل59

(12)

| | | |
|---|---|---|
| **مزجت روحك فی روحی کما** | **تمزج الخمرە بالماء الزلال** | |
| **فاذا مسك شیئ مسنی** | **فاذا أنت أنا فی کل حال** | (دیوان الحلاج، ل58) |

(13) بڕوانە: الحلاج، الطواسین، طاسین النقطة.

(14) واتە بوون هەمووی کتێبێکە یەك ناونیشانی هەیە، نابێت هەڵەی تیا بکرێت، تەنانەت لە خاڵێکدا، چونکە ئەو یەکەو واتای یەك دەگەیێنێ، بڕوانە هەژار، دیوانی مەلای جزیری، ل69.

(15) واتە: لەو ساوە دڵ سەرتاپای بۆتە ئاگرو گڕی بەرزەو (هەر خۆم خودام) دەدرکێنێ و بویتە هاودەنگ دەگەڵ مەنصوری حەلاجدا، باوەڕ بکەن دڵم هیچ تاوانی نییەو لە ئەویندا سەرکەوتوو (منصور)ە هەرچی بڵێ پێویستە باوەڕی پێ بکەن. هەژار، دیوانی مەلای جزیری، 354-353.

بڵند ببێتەوە بۆ ئاستی مەلای جزیری. خانی-ی مەزن وەك حەللاج عارفانە باس لە داستانی گەردوونیی ئادەم و ئیبلیس دەكات و سۆزدارانە و عارفانە بەرگری لە ئیبلیس دەكات[16].

**بێ سەجدە تە ئەی جەنابی مەعبود — ئادەم كرە قیبلە گاهو مەسجود** 1
**ئیبلیسێ فەقیرێ بێ جینایەت — هیندی تەهە بوو دگەل عینایەت** 2
**هەر رۆژێ دكر هەزار طاعە ت — لەو راكوتە داوی ئیستیطاعات** 3
**وی سجدە نەكر لغەیرێ مەعبود — گێراتە ژ بەردەرێ خوەمەردود** 4
**یەك سەجدە نەكر لپێشێ ئەغیار — قەهرا تەكرە موخەللەدونار** 5
**ئەلقیصە ژ حیكمەتا تە ئاگاه — فەردەك مەنەدی تەبارەكەڵلاە** 6
**عرفان طــەلەبێ د صاحیب ئیدراك — دەرحەققێ تەگۆتی: (ماعرفناك)** 7
**خانی بنەزانیا خودە دەرحەق — گومرا هەبیت نەدورە ئەلحەق** 8
**ئیلا كومەگەر مەعین خودا بت — یاراهبەرێ وی موصطــەفابت** 9
**یارەب توبحەقی موصطــەفا كی — (خانی)ب خوەرا تو ئاشناكی** 10

وا دەزانین لەم شیعرەی (خانی)دا دوو دنیابینیی حەللاج بە ئاشكرا دەبینرێت، یەكەم، دنیابینیی حەللاج سەبارەت بە ئیبلیس[17]. دووەم، دنیابینیی حەللاج لەبارەی نەتوانینی نەناسینی حەقیقەتی خواوە، كە ئەمەش هەر پەیوەستە بە یەكەمەوە، چونكە خانی وەك حەللاج پێمان دەڵێت ئێمە بە كەمێك ناسینی خواو هەستكردن بە نزیكی لە خواوە ئیتر فریو نەخۆین و وابزانین خوامان ناسیوەو مافی خواپەرستیمان داوە، ئەوەتا ئادەم بێ سوجدەبردنێك، ئەو پلەو پایە گەورەیەی پێبەخشرا، كە فریشتەكان و ئیبلیس، (كە ئەو پلەو نزیكییەیان هەبوو لە خواوە)، فەرمانی كڕنووشی رێزیان بۆ ئادەم بەسەردا كرا.

هەروەها دنیابینی (حەقیقەتی محەمەدی) واتە، ئەو باوەڕەی حەللاج، كە پێی وایە خوای گەورە لە ئەزەلەوەو یەكەمجار پێغەمبەر محەمەدی (د.خ) وەك رووناكی دروستكردووە. ئەمە پێش ئادەم و لەو كاتەوە سیفاتی مرۆڤی خودایی لەودا دروستكردووە![18] ئەم دنیابینییەی حەللاج، لای خانی هەیە:

**بێ شەیئەكی واحیدن ب جارەك — تەعدادو تەعەددود ئیعتبارەك** 1
**ئەووەڵ بەرقی ژ حوسنێ سەرمەد — نورەك بویە مەعنی یا موحەمەد** 2

---

(16) بڕوانە: مەم و زین، ئامادەكردن و پەراوێز نووسینی هەژار، چاپی یەكەم، ئەنیستیتۆی كوردی پاریس، چاپی ئیتاڵیا، 1983، لا 21.

1. ئەی مەعبود (خوا) بێ ئەوەی ئادەم سوجدەیەكی بردبێت، تۆ كردت بە قیبلەگاو پەرستراو!

2. ئیبلیسی هەژاری بێتاوان، هێندەی تۆ كۆمەكیت هەبوو بۆی.

3. هەر رۆژی هەزار خواپەرستی بەهۆی یارمەتی و توانا پێدانی تۆوە دەكرد.

4. ئەو كڕنووشی بۆ كەس جگە لە مەعبود (خوا) نەبرد، تۆ كارەكەی ئەوت ڕەتكردەوەو دەرت كرد.

5. یەك كڕنوشی نەبرد لە بەرامبەر بیانی (ئادەم)، تۆ خەشمت لێگرت و كردت بە هاوڕێی دۆزەخ بۆ هەتاهەتایی.

6. پوختەی وتار كەسێكمان نەدی ئاگاداری گەورەیی و قوڵیی حیكمەتی كارەكانی تۆ بێت، پاك و بێگەردی بۆ تۆ.

7. خواناسی (عرفان) داواكارێك، كە خاوەن تێگەیشتنە -مەبەستی پێغەمبەرە (د.خ)- لە حەقی تۆدا گوتی (تۆمان نەناسی) كە ئەمە ئاماژەیە بە فەرمودەی (ئەی خودای ئێمە، وەك پێویست بوو بتناسین نەمانناسیوی).

8. دە(خانی)یەك لە نەزانی خۆیەوە دەرهەق بە تۆ، ئەلحەق دوور نییە گومڕا بێت.

9. مەگەر یارمەتیدەرم خوا بێت، یان ڕابەری ئەو مصطفی پێغەمبەر (د.خ) بێت.

10. خودایە، بەخاتری پێغەمبەر (د.خ) بكەو خانی بە خۆت بناسێنە.

(17) حەللاج بەدنیابینییەكی قوڵەوە پێی وایە ئیبلیس (شیطان) پێویستییەكی گەردونی بوو تا ببێتە جەمسەری دووەمی (خێرو شەڕ)و خودا پێشوەخت بڕیاری لەسەر ئەو دابوو، لەم رووەوە نووسەری ئەم بابەتە توێژینەوەیەكی سەربەخۆی هەیە.

(18) حەللاج پێی وایە حەقیقەت ئەوەیە یەكەم مرۆڤ (مرۆڤی خودایی) محەمەد (د.خ) بووە نەك ئادەم. ئەمەش دووبارە باسێكی سەربەخۆیە.

1. واتە: ئەو (خوا)یەكەم و ڕۆح و عەقڵی یەكەمە لای هەرسێكیان (یەكەم، رۆح، عەقڵ) بەو واتا وەردەگرن، بەڵام ئەوانە لە یەك جیامەكەرەوە، بەڵكو بەو جۆرە ئەوان هاوتاو یەكبخە. بڕوانە: مەم و زین، ل18.

2. واتە: هەموو شتەكان لە بناغەو حەقیقەتدا (یەكن) ژمارەو ژمارەكردنیان ئیعتباری (جۆرێك بۆ چوون و پۆلێنكردنن) یەكەمین ڕۆشناییەك كە لە سەرمەدیەت و هەمیشەییدا جوانی بروسكەی دا، ڕۆشنایی محەمەد بوو. هەژار، مەم و زین، لا 18.

واته خانی، وەك حەللاج باسی حەقیقەتی محەمەدی دەكات، بەڵكو وا دەزانین وەك حەللاج هەموو جیاكردنەوە (تفریق)یەك، بە هەڵە دەزانیت و باوەڕی بە یەكێتی (اتحاد) هەیە:

**ئەڤ ئەوەل و روح و عەقڵی ئەوەل**
**هەرسێنەب ئەووەلی موئەوەل**
**ئەممامە كەوان ژهەڤ تو تەفریق**
**ئەڤ ڕەنگە ئەوان بگێڕە تەوفیق**[19]

هەر لێرەشدا تۆوی بیری (عەقڵی یەكەم)ی ئەفلاتۆن بەدی دەكرێت، بەڵام لە دنیابینییەكی عارفانەو حەللاجیانەدا.

## 4-1-2 بێسارانی و حەللاج

بێسارانی، لەگەڵ ئەوەی یەكێكە لە شاعیرە پایەبڵندەكانی كوردو شێوەزاری گۆران (هەورامی)، كرمانجی خواروو و موریدی شێخ عوسمان سیراجەدینی نەقشبەندیی بووەو لەگەڵ ئەوەی بە زۆری شیعری سۆفیگەری و ناو بەناو عرفانیشی هەیە، بەڵام ئامادەیی حەللاج، چ وەك كەسێتی و چ وەك دنیابینی زۆر بە كەم دەبینرێت لە سەراپای شیعرەكانیدا، تەنها لەیەك شوێندا ئاماژەی بە (أنا الحق)ی حەللاج كردووە[20].

**دڵە هوناوان**
**وەس دەرەم نەجەرگ بەی تەور هوناوان**
**وەس شەهیدم كەر، بەندە بێ تاوان**
**وەس ناوم كەم كەر، جەناوی ناوان**
**وەس دەرەم نەجەرگ تێشی ئەڵماسان**
**وەس چوون قەیسم كەر جەزێد هەراسان**
**باوەس بكێشوون سزای (أنا الحق)**
**باوەس بسۆزوون وە ئایر دۆزەق** [21]

لێرەدا ئاماژەی بێسارانی بە حەللاج، ئاماژەیەكی گشتییەو لە میانەی باسكردنی عیشق و مەترسییەكانیدایە[22]، حەللاج لێرەدا وەك كەسێتی و وەك دنیابینی لقێك یان بڵێین ئەزموونێكە لەنێو چەند ئەزموونێكدا، نەك خۆی میحوەر بێت و جێگەی لەسەر هەڵوێستەكردن بێت، چونكە شاعیر باسی حەللاج لەگەڵ باسكردنی چەند ئەویندارێكی بەهێمابوو دەكات، كە بەشێكیان ئەوینداری مەجازی (مرۆیی)ن، وەك مەجنوون و فەرهاد و بەهرام و خەسرەوو شێخی سەنعان، كە دواجار هەموو ئەمانە لەگەڵ خاوەنی (أنا الحق)دا باس دەكات:

**نەكەردەن عیلاج دەردەداری دڵ**
**تامەنزڵ بەردەن بەسەرحەدی گڵ**

(19) هەژار، مەم و زین، لا 18.

(20) لەو دیوانەدا، كەكیومەرس نیك ڕەفتار كۆیكردۆتەوەو ساخیكردووەتەوە، ئەو ئاماژەش نییە، بەڵام لەو دیوانە نوێیەدا، كە لە ساڵی 1375-1997ز لە سنە لە چاپدراوەو حەكیمی مەلا ساڵح كۆیكردووەتەوە هاتووە. بڕوانە: دیوانی بیسارانی، ئامادەكردنی حەكیم مەلا صالح، پێداچوونەوە حسێن سبحانی، چاپی یەكەم، چاپەمەنی میهن، سنە، 1375، ل269.

(21) واتە: دڵەخوێناویەكە، بەس بمكێشە بەر تەوری جەرگ خوێناویان، بەس شەهیدم بكە، من بەندەی بێتاوان، بەس ناوم كەمكەرەوە لەنێو ناواندا، بەس بمكێشە بە ڕووی ئەڵماسە تیژەكاندا، بەس وەك مەجنون لە زێدی خۆم هەراسان و بێزارم بكە، با بەس سزای (أنا الحق) گوتن بكێشم، با بەس بسوتێم بە ئاگری دۆزەخ. بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل268.

(22) سەرچاوەی پێشوو، ل269.

**ساتۆ چ حاصڵ جەفا بەردەنت**
**هەر ئاە بکێشە تا ڕۆی مەردەنت.**[23]

بەڵام لە شیعرێکدا لای بێسارانی وەک حەللاج شەم و پەروانە نەک واتایەکی عرفانی وەردەگرێت، بەڵکو هەمان دنیابینیی حەللاج بۆ ئەو دیاردەیە دەبینرێت.
بێسارانی دەڵێت:

**شەوقی شەم بەوێش پەروانە یۆزەن**
**چوون بێ پەروانە، هەر پڕ نە سۆزەن**
**تا پەی پەروانە نمە سۆچۆ شەم**
**پەروای پەروانە هیچ نمە بۆ کەم**
**سۆزی شەم پەرێ پەروانە بێ شۆن**
**وەرنە پەروانەی بێ شەم سۆز جەکۆن؟**
**دیش کە پەروانە ئاوێزانشەن**
**بێ پەرواپەرێ ئەو سۆزانشەن** [24]

لێرەدا بێسارانی وەک حەللاج ترسی ڕاستەقینە لە دووریی لە شەم (مەعشوق-خوا)و نەبوونی ڕۆشنایی ئەودا دەبینێ، نەک نزیکی و سوتان بە عیشقی ئەو:

**خۆشەویستی تا شاراوە بێت لە مەترسیدایە**
**لوتکەی ئارامی لە نزیکبوونەوەدایە لە مەترسی**
**شیرینترین خۆشەویستی ئەوەیە باس بکرێت**
**وەک ئاگر بێ سودە گەر لەبەر دەستێکەدا بێت** [25]
**پاش ئەوەی زیندانەوانە کە هاتوو**
**دەست و پێوەندان کۆبونەوەو خاوەنی (هەواڵ) ناوی نووسیم**
**داوای بێبەری بوون دەکەم لە خۆشەویستیان؟**
**کەواتە بێبەری بووم لە گوێ و لە چاوی خۆم!** [26]

## 2-1-5 مەولەوی و حەللاج

گەرچی لە سەراپای دیوانی مەولەویدا، وەک ناو و ئاماژە باسی حەللاج نابینرێت، بەڵام لە چەند شوێنێکی شیعرە سۆفیگەری و عرفانییەکانیدا بە ڕوونی دنیابینیی حەللاج دەبینرێت، لەم ڕووەوە مەولەوی لە وەڵامی گلەیی نامەیەکی

---

(23) واتە: ئەوان چارەسەری دەردەداریی دڵیان نەکرد و تا سەرلێواری مەرگ و گڵ ڕۆیشتن، دەتۆش (ئەی دڵ) تا ڕۆژی مردنت هەر ئاە بکێشی هیچ بەرهەمێک و ئەنجامێکت نابێت. هەمان سەرچاوە، ل269

(24) واتە: تیشك و ڕۆشنایی مۆم بۆ خۆی پەروانە ئەدۆزێتەوە، چونکە بەوە ترسی پەروانە نایەڵێت، واتە پەپوولە ئەوکاتە ترسی هەیە کە مۆم نەسوتێ نەک ترسی لە سوتان هەبێت، بەڵکو کاتێ کە مۆم بینی شەم خۆی پێدا هەڵواسیوە ئیتر بێ ترس بۆی ئەسوتێ. سەرچاوەی پێشوو، ل350

(25) بەردەستێ، ئەو بەردەیە، کە بەیەکداکێشانی ئاگر دروستدەکات.

(26) ئەمە شیعری حەللاجە، کە دەڵێت:

**الحب، مادام مكتوما، على خطر**
**وغاية الآمن أن تدنوا من الحذر**
**وأطيب الحب مانم الحديث به**
**كالنار لا تأت نفعاً وهي في الحجر**
**من بعد ما حضر السجان واجت**
**مع الأعوان واختط اسمي صاحب الخبر**
**أرجو لنفسي براءً من محبتكم**
**إذن تبرأت من سمعي ومن بصري.**

ديوان الحلاج، ل140

لێرەدا حەللاج بێبەریبوون لە خۆشەویستی، بە بێبەریبوون لە چاو و گوێ دادەنێت.

شێخی سیراجەدینی نەقشبەندیی تەوێڵەدا، هەر لە سەرەتاوەو لە میانەی دواندنی بەرامبەرەکەیدا بە ڕاناوی (تۆ) دنیابینیی (نوری محەمەد)ی حەللاج دەبینرێت:

**شێخی دەوڵەمەند بەهرەی سەرمەدی**
**یاگەی حەقیقەت جیلوەی ئەحمەدی** (27)

لێرەدا مەولەوی نەك تەنها باوەڕی بە سەرمەدی بوون و هەمیشەیی بوونی حەقیقەتی نوورو ڕۆشنایی پێغەمبەر (د.خ) هەیە، بەڵکو وەك (أنا الحق) حەللاج، کە مانای وەرگرتنی سیفاتی خوایانەو نەمانی سیفاتی مرۆڤانەیە، ئەویش لێرەدا پێی وایە شێخەکەی بەهرەی سەرمەدیەتی و جیلوەی حەق و حەقیقەتی خوایی وەرگرتووە، بەڵام دنیابینیی قوڵی حەللاج و بیری (هەڵگرتنی منیەتی) لە کۆتایی شیعرەکەداو لە بەیتی (29)و بەیتی (30)دا بە چڕی دەردەکەوێت، کە دەڵێت:

**تەنیای حەقیقی نەردێ بشانۆ**
**من و تۆجە دەس من و تۆ سا نۆ**
**تۆ بێ تۆ لوطفت پەی من زیاد بۆ**
**من بێ من ڕۆحم وەخزمەت شاد بۆ** (28)

لێرەدا مەولەوی داوا لە خوا دەکات، کە (من و تۆ)یەتیی خۆی و بەرامبەرەکەی هەڵبگرێ و هەردووکیان فەنابن لەنێو خواداو لەوێدا ڕۆحیان یەکبگرێتەوە، ئەمەش هەمان داوای حەللاجە، کە دەڵێت:

**لەنێوان من و تۆدا (من)یەتی ڕێگریم دەکات**
**خودایە بە میهرەبانیت، (من)یەتی لەنێواندا لاببە**(29)

بەڵکو ئەم بڵندییە ڕۆحی و عرفانییە هەست دەکرێت لە کۆتایی تەمەنیدا، کە مەولەوی دوو چاوەکانی لەدەستدەدات زۆر بەهێزتر دەبێت، بۆیە لە شیعرێکدا کە ئێمە بە شیعری کۆتاییەکانی ژیانی دادەنێین دەڵێت:

**وەخت چەم نەچەم شێوەت دیار بی**
**جەلام فەصڵ وەصڵ بەزم ئەغیار بی**
**ئێسە لێلایی گرتەن دوو دیدە**
**خەڵوەتەن، سا بۆ ئەی بەرگوزیدە**(30)

لێرەدا چاو لای مەولەوی یەکسانە بە (منیەتی)، بۆیە نەمانی چاو و وێنە پچڕپچڕەکانی وەسڵ و دابڕان لە یار بە نەمانی منیەتی و گەیشتن بە مەعشوق (خوا) دەزانێ.

هەر لێرەدا دەمانەوێ ئاماژە بەوە بکەین، کە پاش ئەوەی سۆراخێکی دیوانی صەیدی هەورامیمان کردو لەگەڵ ئەوەشدا، کە ئەو خەلیفەی شێخ عوسمان سیراجەدینی تەوێڵە بووەو ئەهلی تەریقەت بووەو ئەوێك، کە لە وەڵامی

---

(27) واتە: ئەی شێخێ کە لە بەش و بەهرەی نەبڕاوەدا دەوڵەمەندی و جێگای دەرکەوتنی نوری ڕاستەقینەی پێغەمبەری. بڕوانە دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوەو لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس، چاپخانەی النجاح، بەغدا، 1961، ل318

(28) واتە: هیوام وایە تەنیای ڕاستەقینە کە خوایە، زارێ هەڵدا من و تۆ لە من -من و تۆ- تۆ ڕزگار بکا، بەڵکو تۆ هەر لە خۆتەوە لوتفت لەگەڵ من زیاد ببێ و منیش بەبێ ئاگای خۆم ڕۆحم بگاتە خزمەتت. بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل320.

(29) **بینیو وبینك أنیی یزاحمنی** **فارفع بلطفك انیی من البین**، دیوان الحلاج، ل64.

(30) واتە: کاتێك کە چاوم هەبوو شێوەت لە ناو چاوما دەرئەکەوت، لەبەر ئەوە خۆشی کاتی بە تۆ گەیشتن بۆم بێگانە بوو، کە شێوەتە، چونکە لە جیاتی ئەوەی من بتبینم وێنەکەت کە لەناو چاوما بوو ئەیبینیت، ئەکەوتە نێوانمان و نەیئەهێشت هەردووکمان بەتەنها ڕابوێرین، بەڵام ئێستا لێڵاییم داهاتووەو شێوەت ناچێتە ناوچاوم تا ببێ بە کۆسپ لە نێوانمان، فرسەتە تاوێك وەرە لام پێکەوە دانیشین. دیوانی مەولەوی، ل287.

سکاڵای خەڵکدا لای شێخەکەی کە تاوانباری دەکەن بەوەی شیعرەکانی باسی عیشق و دڵدارییە دەڵێت:

**گشت جەمن فێشتر حاڵشان فەنان**
**داخم هەر ئێدەن هەر پەی من مەنان**
**ئەر عاشق نەبان یەکسەر مەڵلاو شێخ**
**فتوا بۆ (صەیدی) سەربڕان بە تێخ[31]**

ئەوێك کە نەك عاشقە، بەڵکو پێی وایە هەموو ئەهلی ئایین نەك تەنها شێخ و موریدەکان، بەڵکو مەلاکانیش دەبێ عاشق بن و ئەگەر واش نییە ئەوا صەیدی سەربڕن، کەچی لە شیعریدا هیچ ئاماژەیەك بە حەللاج و دنیابینیی حەللاجمان نەبینی.

## مەولانا خالیدو حەللاج

مەولانا خالیدی نەقشبەندی کە بڵاوکەرەوەو گەورەترین ڕابەری تەریقەتی نەقشبەندییە لە کوردستان، بەتایبەتی پاش گەڕانەوەی لە هیند بۆ سلێمانی لە ساڵی 1226ك داو وەرگرتنی تەریقەت لە شا عەبدوڵڵای دەلهی یان دەهلەوی، ئەویش وەك ڕابەرێکی گەورەی تەریقەت و وەك شاعیرێکی پایە بڵند لە شیعرەکانیدا حەللاج وەك کەسێتی و وەك دنیابینی ئامادەیی دیاری هەیە.

مەولانا لە شیعرێکدا، کە سەراپای ستایشی پێغەمبەرە (د.خ) دەستپێدەکات بە:

**شنۆی نەشئەی نیشانەی شەئنە وا بۆ من لە کۆهساردێ**
**لەگەڵ بای بەربەیانا بۆم دەرکەوت کە بۆی یاردێ [32]**

ستایشێکی پایەبڵندیی پێغەمبەر دەکات، تا دەگاتە دێڕێك، کە دنیابینی (حەقیقەت و نوری محەمەدی)ی حەللاج بەڕوونی لای مەولانا دەبینرێ، کە دەڵێت:

**دڵە وشیار بە ناوی پڕتەوی حوسنی ئەزەل لێرە**
**تەجەللی دەم بەدەم بۆ هەمدەمی قەلبێکی وشیاردێ[33]**

لێرەدا مەولانا وەك حەللاج ڕای وایە پڕتەوی (ڕۆشنایی) جوانی محەمەد (د.خ) ئەزەلییە، واتە خوا لە ئەزەلەوە دروستیکردووە، دواتر و پاش ئەویش دنیابینییەکی تری حەللاج سەبارەت بە (حەج) لای مەولانا دەبینرێت:

**ئەوەندە ڕێی دووری کەعبە طە ی مەکە حاجی بەبێهودە**
**کە بیت الله ئەوا خۆی بۆ طەوافی قەلبی دڵدار دێ[34].**

مەولانا لێرەدا وەك حەللاج هۆشیاری دەدات، کە ڕێی دوورو کەعبە پەرست مەبە ئەی بێئاگا لە خوا، تۆ خواناس و خواپەرست بە نەك ماڵی خواپەرست، چونکە کە خواناس بوویت ماڵی خوا لە دەوری دڵت دەسوڕێت، لەبری ئەوەی تۆ لە دەوری بسوڕێیت[35].

---

(31) واتە: هەموویان حاڵیان لە من زیاتر بەربادە لە عیشقا، داخم هەر ئەوە کە هەر لۆمەی من ئەکەن. ئەگەر هەموو مەلاو شێخەکان هەموو عاشق نەبن، فتوابێ (صەیدیش) سەربڕن. بڕوانە دیوانی صەیدی، کۆکردنەوەو لێکدانەوەی محمد امین کاردۆخی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، 1971، ل8

(32) پیرەمێرد، ڕۆحی مەولانا خالید، ئامادەکردنی محمود احمد محمد، ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، بەغدا، 1987، ل129

(33) هەمان سەرچاوە، ل130

(34) هەمان سەرچاوە، ل132

دواتر مەولانا  لە هەمان شیعردا ڕاستەوخۆ ناوی حەللاج دەهێنێ و حاڵەتی (أنا الحق)ی عرفانیی حەللاج، بە بەشێك لە هەناوی حاڵەتی عرفانی پێغەمبەر (د.خ) دادەنێت:

**بڵێ ڕۆژ پرتەوێکی ڕووی ئەوە ڕووناکی ئەنوێنێ**
**بڵێی گوڵ ئارەقی ڕووی ئەو تنۆکێکی لە ڕوخسار دێ**
**تەجەللی ئەو بوو، کەوتە سەر درەختی وادی ئەیمەن**
**بەچاو لێ کەری یە (موسا)وا لە طورا خواستی دیدار دێ**
**غروری قەدری ئەو بوو بایەزیدی نارده سەر دۆزەخ**
**لەدەم مەنصورەوە بانگی (أنا الحق) وا لەسەرداردێ [36]**

هەروەها مەولانا خالید لە نامەیەکی شیعریدا، کە بۆ پیرەکەی شاه عەبدوڵڵای دەهلەوی لە هیند نووسیوە، دنیابینی و کەسێتیی حەللاج تێیدا دەبینرێت. سەرەتای شیعرەکە بەمە دەستپێدەکات:

**توخوا سا بۆم بڵێن بەو شاهی جوانانە بە پەنهانی**
**کە زیندووبوونەوە: عالەم، بە فە یضی هەوری نیسانی[37]**

کە وادەزانین ئەم شیعرەو وەك لە سەرەتاکەیدا دەردەکەوێت، مەولانا دەیەوێت مژدە بدات بە شاه عەبدوڵڵای پیری کە پاش گەڕانەوەی مەولانا بۆ سلێمانی و کوردستان، خەڵکی کوردستان (عالەم) بە بارانی هەوری تەریقەتی نەقشبەندی ئەو زیندووبوونەوە، دواتر سێبەری دنیابینیی حەللاج لە وەسفی پیرەکەیدا دەبینرێت، کە دەڵێت:

**لە یومنی مەقدەمی ئەمنی یەمن هیندوستانێکە**
**وەکو وادیی ئەیمەن جێی تەجەللی فە یضی ڕوحانی[38]**

لێرەدا مەولانا پیرەکەی لە کێڵگەی دنیابینیی حەللاجدا -کە ڕووداوی موسایە لە دۆڵی ئەیمەن- کاردەکات و شێخەکەی بە دۆڵی ئەیمەن و درەختەکە دەبینێ[39]، کە خوا تێیدا جیلوە (تجلی)ی کردو وتی (انی أنا الله)[40] دواتر پێی وایە لای شێخەکەی کەسانێکی پایەبڵندی وەك حەللاج و بایەزید هەیە:

**گەلێکی وا هەیە لای (بوسطامە)و یا (مەنصور)**
**بە تەمکینن (أنا الحق) نایەی یا جۆشی سوبحانی[41]**

دواتر مەولانا دەڵێت:

**گەلێ توانجی ئەدا لێم ئەهلی توران و خوراسانی**
**کە بۆچی ئەچیە (دار الکفر)ەوە گەر تۆ موسڵمانی**
**ئەیان گوت دەهلێ ظوڵماتێکی کوفرە من وتم ئەی دڵ**
**سکەندەر کەوتە ناو ظوڵماتەوە بۆ ئاوی حەیوانی**

---

(35) بۆ رای حەللاج لەسەر حەج دووبارە باسێکی سەربەخۆیە.
(36) پیرەمێرد، سەرچاوەی پێشوو، ل133
(37) سەرچاوەی پێشوو، ل142
(38) هەمان سەرچاوە، ل144
(39) هەندێك لە سۆفییە حەللاجییەکان دەڵێن، بۆچی دەکرێ خوا لە ڕێگەی درەختێکەوە جیلوە بکات و (أنا الله) بڵێ، بۆ ناکرێ لە ڕێگەی بەندەیەکی خواناسی وەك حەللاجەوە بڵێ (أنا الحق). بڕوانە: یشار اوزترك، حسین بن منصور حلاج، ل214.
(40) سورەتی طه، ئایەتی (12).
(41) پیرەمێرد، سەرچاوەی پێشوو، ل145

**به طولی صوحبەتی ناو ئەولیای بەطحاو یەثریب دا**
**نەکەوتە دەست ئەوەی لێرە وەرم گرتووە بە هەرزانی**[42]

وا دەزانین مەولانا لێرەدا بە تەواوی خۆی بە هاوئەزموونی حەللاج دادەنێ و لە دێرە شیعرەکانیدا ئاماژەیەکی بۆ شیعرێکی بەناوبانگی حەللاج هەیە، کە دەڵێت:

**بەخۆشەویستانم رابگەیێنە کە**
**سواری دەریا بووم و کەشتییەکەش تێکشکا**
**مردنم لەسەر ئاینی عیسا دەبێت**
**نە مەککەم دەوێ و نەمەدینە!** [43]

گەر حەللاج بڵێ، من کەوتوومە نێو دەریای بێ کۆتایی و پڕ مەترسیی عیشقی خواو کەشتییەکەشم شکاوەو بە شێوەی عیسا پێغەمبەر هەڵم دەواسن و من بەدوای خوادا دەگەڕێم وماڵی خواپەرست نیم و مەککەو مەدینە پەرست نیم، ئەوا مەولاناش بە ئاشکرا ناوی (بە طحاو یەثریب) دەهێنێت و دەڵێت:

**بەطولی صوحبەتی ناو ئەولیای بەطحاو یەثریب دا**
**نەکەوتە دەست ئەوەی لێرە وەرمگرتووە بە هەرزانی**[44]

بەڵگەی بەهێزی لێکچوونی ئەزموونی مەولانا بە حەللاج ئەوەیە، ئەویش وەك حەللاج لەدوای حەجەوە چووە بۆ هیندستان[45].

## نالی و حەللاج

(نالی) گەرچی شاعیرێکی سۆفی نییە و ئەهلی تەریقەت نەبووە، بەڵکو مەلا بووەو شیعرە سۆفیگەری و ئاینییەکانی زیاتر شەریعەت زاڵە تێیاندا، بەڵام هاوکات جگە لە شیعری سۆفیگەرییانە، حاڵەتی عرفانی لە هەندێ بەیتە شیعریدا بەتایبەتی لە شیعرە سۆفیگەرییەکانیدا دەبینرێت، بەتایبەتی ئەمە لەو شیعرانەدا، کەوا دەزانین لە شیعرەکانی کۆتایی ژیانی (نالی)ن دیارە و لەوانەش دنیابینیی حەللاج بۆ حەج لەلای نالی دەبینرێت.
سەرەتا نالی-یەکی شەریعەتی، پێشتر بەم شێوەیە وەسفی کەعبەو حەللاج دەکات:

**چ مەککە؟ داروبەردی قاعیدەی ئەرکانی ئیسلامە**
**چ طـەیبە؟ ماو و خاکی مائیدەی ئەنواری ئیمانە**

**فیداکاری تەن و جان بە، لە ئاسانی هەراسان بە**
**کە داغ و دەردی ڕێگەی مەککە باغ و وەردی مەردانە**[46]

---

(42)هەمان سەرچاوە، ل146
(43)حەللاج دەڵێت:.

**لا أبلغ أحبائی بأنی**
**رکبت البحرو وانکسر السفینە**
**علی دین الصلیب یکون موتی**
**و لا البطحا أرید ولا المدینە.**
دیوان الحلاج، ل69

(44) پیرەمێرد، سەرچاوەی ناوبراو، ل146
(45) بڕوانە ژیانی حەللاج لە سەرچاوەکاندا، لەوانە سەرەتای دیوانەکەی، ل4.
(46) دیوانی نالی، کۆکردنەوەو لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1976، ل485.

ئەو مەککەیەی، کە نالی بەو ستایشەوەو وەك تێڕوانینە ڕواڵەت بینییە شەریعەتییەکەی و وەك زۆرینەی زۆری موسڵمانان ئاواتەخوازی دیداریەتی و دواجار لە ئانوساتی پێش ڕووخانی میرنشینی بابان دا هەر بۆ ئەوێ کۆچدەکات و هەموو ماندووبوونێك لەپێناویدا بە باخ و گوڵ دەبینێت، کەچی لە ساتێکی عرفانیی حەللاجیانەدا وای دەبینێت:

**کەعبە ئیشراقی وەکو خورشیدە، من چاوم ضەعیف**
**لێم بووە ڕۆشن کە بوعدی قوربە، قوربی بوعدە بۆم**
**بۆ جیواری حەق لە هەرجێ صیدقی نییەت کافییە**
**من لە (بیت الله) ئینشەڵلا (بأذن الله) دەڕۆم**
**لێم حەرامە دانەو ئاوی حەماماتی حەرەم**
**من کە بازی دیدە بازم نەك شەوارەی دەستە مۆم**(47)

لێرەدا نالی پاش گەیشتنی بە دیداری کەعبەی پیرۆزو مانەوەی لەوێ، وەك ئەوەی، کە بەدوای مەعشوقەکەی (خوا)دا دەگەڕێ، بۆیە دەچێت بۆ (ماڵی خوا)و وەك حەللاج حەج دەکات و لەوێ دەمێنێتەوە، بەڵام بە زوویی هەست دەکات کە خوا زۆر گەورەترە لە (شوێن)و پاك و بێگەردە لە (شوێن) بۆ دانان و هەستدەکات خەریکە لە (خواپەرست)ەوە دەبێت بە (کەعبە)پەرست، بۆیە دوو چاوی ڕۆشن دەبێتەوەو دەرك بەوە دەکات دووری لە کەعبە دووری دەخاتەوە لە شوێنپەرستی و نزیکی دەخاتەوە لە خواو نزیکی لە کەعبە دووری دەخاتەوە لە خوابینی، لە هەموو شوێندا، بۆیە بە تێڕوانینێکی ترەوە دەڵێت: هاوڕازی و لەگەڵ خوادابوون لە ڕاستگۆیی نیازدایە، بۆیە من لە (ماڵی خوا) پشت بە خواو بە مۆڵەتی خوا دەڕۆم. ئەم سێ وشەیە، سێگۆشەی سەرەکیی سۆفیگەری و عرفانمان بیر دەخاتەوە: (إلى الله، مع الله، في الله —بۆ لای خوا و لەگەڵ خواو لەنێو خوادا- واتە فەنابوون)، بۆیە نالی نایەوێ وەك کۆترێکی دەوروبەری کەعبە بێت، کە دانی بۆ ڕۆبکرێت بەئاسانی کە ئەو بازێکی دیدەباز، واتە چاوکرابێت و بتوانێ بۆ لای حەق (خوا) بفرێت و باڵندەیەکی چاوفریودراو و شەوارەکراو نەبێ، ئیتر چی دەکات لێرە؟. لێرەوە وەك ئەوەی نالی بەو حەقیقەتە بگات (طـەوافی) حەقیقی لە سوڕانەوەی دڵدایە بەدەوری خوادا، دەڵێت:

**تا بەکەی وەك ڕاوییە و وەك سانییە، سێ پەل شکاو**
**بێ طـەواف و سەعی و عەمرە هەر بخەوم و هەر بخۆم!**

نالی نایەوێت وەك حوشتری ئاوهێن و حوشتری ئاو هەڵگۆزبێت و خزمەتی کەعبە بکات و دووربێ لە لەگەڵ خوابوونی ڕاستەقینەدا بە (طـەواف)و (سەعی)و (عەمرە). ڕاستە ئەم شیعرە بەدیوێکدا ڕەنگە هەست بە نامۆیی نالی دەربخات، بەڵام ئەم نامۆییە نامۆییەکی عرفانییە پتر لەوەی نامۆییەکی ئاسایی بێت و وادەزانین ڕەنگە ئەمەش تیشکێك بخاتە سەر هۆکاری کۆچکردنی نالی لە مەککەوە بۆ ئەستەنبوڵ و مردنی لەوێ.

لەلایەکی ترەوە، لە سەرجەم دیوانی نالیدا، تەنها لە یەك شوێندا ئاماژە بە (مەنصور) کراوە، ئەویش لە شیعرە بەناوبانگەکەی شەوی یەڵدادا، کە نالی وەك مەنصور لەو درێژترین شەوەدا چاوەڕێی دیداری مەعشوق دەکات:

**شەوی یەڵدایە، یا دەیجورە ئەمشەو**
**کە دیدەم دور لە تۆ بێ نورە ئەمشەو**
**دڵم وەك حاکمی مەعزولە، قوربان**

(47) هەمان سەرچاوە، لا 301.

**خەڵاتی وەصڵی تۆی مەنظورە ئەمشەو**
**دڵیش مایل بە دیدەی تۆیە، بۆیە**
**لە من وەحشی و رەمیدەو دورە ئەمشەو**
**کە تۆی شای کەچ کولاهی دیدە مەستان**
**چ باکم قەیصەر و فەغفورە ئەمشەو**
**لەخەو هەڵساوە، یا ئاڵۆزە چاوت**
**هەمیشە وایە، یا مەخمورە، ئەمشەو**
**سوروشکم نەقشی چاوی تۆ دەکێشێ**
**جێگەم سەرداره‌کەی (مەنصور)ە ئەمشەو**
**موسڵمانان دەپرسن حاڵی (نالی)**
**لەکونجی بێ کەسی مەهجورە ئەمشەو**[48]

---

**⋆ئەم نووسینە بەشێکە لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی بە ناوی (کەسێتی و دنیابینیی حەللاج لە شیعری (مەحوی) و (حافزی شیرازی)دا، کە نووسەر پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردەی (ئیبن روشد)ی زانکۆی بەغدادی کردووە، وەك بەشێك لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا).**

---

(48) سەرچاوەی پێشوو، 390-388